# بەشداری نۆینەرایەتی یەکیتی بیکاران وریکخراوی ئازادی ژن لە نمایشی پشتیوانی لەبزووتنەوەی کریکاری عیراق

رۆژی4-9-2004 گرۆپی(FAT CAT TOUR) کەلەچەندین ریکخراوی وکەسایەتی چەپ پیك هاتووە ،4 نمایشیان بەجل و بەرگی جۆراجۆرو وگرووپی مۆسیقاوە لەناوەندی شاری لەندەن پیش کەش کرد، دەیان کەس لەدەوری ئەم نمایشە کووبوونەوە و رەسمیان لی دەگرت.

ئامانج لەم نمایشانە راکیشانی پشتیوانی لەبزووتنەوەی کریکاری عیراق ،بەدژی داگیرکاری ئەمریکا لەعیراقدا، وەستانەوە دژ بە وشەریکاتەنەی خەریکی  بەخسوسی کردنی کۆمپانیاکانی عیراقین .

لەم نمایشەدا ریکخراوی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بەشداری کرد و (هۆزان محمود) بەنۆینەرایەتی ریکخراوی ئازادی ژن ونۆینەرایەتی یەکیتی بی کاران قسو باسی پیش کەش کرد( کە لەسەر تازەترین هەوالەکانی ئەوزاعی سیاسی عیراق و شیوەی ریکخستنی ژنان وبیکاران و یەکیتی کریکاریەکان ،و کۆنفرانسی گەرانەوەی مەدەنیت و ئامانجەکانی ئەو کۆنفرانسەو  خۆپشاندانی دوینی ریکخراوی ئازادی ژن لەساحەی فردۆس ،هەروەها وەستانەوە بەرامبەر بەداگیرکاری ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی تاکیدی کرد و بەناوی تۆری نۆینەرایەتی یەکیتی بیکاران وریکخراوی ئازادی ژن سپاس وپیزانینی لەپشتیوانی و هاوکاری ریکخراو وکەسایەتی چەپەکان کرد، لەبزووتنەوەی کریکاری عیراق وریکخراوە رادیکال وپیش کەوتوخوازەکان لەعیراقدا وە رای گەیاند تقویەت وپشتیوانی ئیوە لە بزووتنەوەی کریکاری عیراق و ریکخراوی ئازادی ژن  و یەکیتی بیکاران وحزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، تەنها ئومیدی وەستانەوەیە بەرامبەر بە ئیسلامی سیاسی و کۆتای هینان بەداگیر کاری ئەمریکا لەعیراقدا) .

لەکۆتایدا رادیوی (INDY MEDIA)لەگەل( هۆزان محمود و دەشتی جەمال) چاوپیکەوتنی کرد لەسەر ئەوازعی ژنان وبیکاران و چالاکی وهەلسورانەکانی ئەم ریکخراوانە لەعیراقدا.

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق(ریکخراوی بەریتانیا)**

**2004-9-5**

---

www.wpiraq.net
wpiraq_uk@yahoo.com
Tel: 07734704742